# وەڵامێک بۆ بەرکوڵەکەی تەها سلێمان

سیروان ئەمین
sirwanlatif@hotmail.com

کەیەکیتی نیشتمانی لە گەڵ چوار حیزبی تردا بە دژی ڕاپەڕینەکەی خەڵکی کەلار بەیاننامەیەکیان دەرکرد، منیش وەک خەڵکانێکی زۆر ئیدانەی ئەو بەیاننامەیەم کردو چەند پەڕەگرافم لە سەر نوسی بەتایبەتی کە خۆم خەڵکی ناوچەکەم و تازە لەوێ هاتومەتەوە و زۆر ئاگادارم لە وەزعی ئەو خەڵکە پێچەوانەی قسەی ئەم برادەرەیە کە وەڵامی منی داوەتەوە. من لە نوسینەکەشمدا کەمتر مەبەستم حیزبەکەی ئەو بووە، بەڵام ئەو بە نوسینێکی پڕ تەشهیر و وشەی وەک هەڵەشە، غەڵەت ، پەڵەت، قەزەم،درۆی شاخدار و دەیان ووشەی تر و زیاتر و لە یانزە جار ناوی منی هێناوە کە ئەگەر ئەمانەی لێ دەربکەی ڕستەیەکی بەکەڵکی تێدانامێنێ، کەچی بەنوسینەکەی من دەڵێت غەڵەت و پەڵەت. بۆیە من بە چەند دێڕ وەڵامی دەدەمەوە، سەرەتا ئەوە بڵێم کە تەها سلێمان لە سیاسەت وا تێگەیشتوە کە ئەگەر خزم یان دۆستی کەسێک بووی ئیتر دنیای وێران کرد دەبێ بێ دەنگ بی، کە ئەمە نەک لە نێوان دوو حیزبدا بەڵکو لە نێو ئەندامانی یەک حیزبیشدا زۆر ئاساییە و نیشانەی شارستانی بوونە.

سەرەڕای ئەوەی تەها سلێمان بە نوسینەکەی منی وتوە هەڵەشە و غەڵەت و پەڵەت کەچی ئەو نوسینە زۆر توشی هەڵەشەی کردوە زیاتر لە یانزەجاران ناوی منی هێناوەو هێرشی شەخسی دەکاتە سەرم و جنێو دەدا واش دەزانێ چەرخی بەردینە و ئەگەر کەسێک لە کەلار نەبێت یان لە کوردستان نەبێ ئینترئاگای لە دونیا نی یە! ئاخر نوسینەکەی من یەکێکە لە ئەو هەموو نوسینانەی دەرەوە کە تەواوی دەزگاکانی ڕاگەیەندن هەفتەیەک خەریکی ئەم باسە بوون و تەنانەت عەرەبی و ئینگلیزیەکانیشی گرتەوە هەمووش لە دەرەوە بوون، سەرەڕای ئەوەی کە من یەک کاتژمێر گوێم لە قسەکانی یەکێک لە ڕیکخەرو ڕابەری خۆپێشاندانەکە بووە بە تەلەفۆن کە مامۆستا عەباس بوو کە کادیری (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق)ە و ئەندامی (کۆمەڵەی بە مەدەنی کردنی کەلار)ە لە خۆپێساندانەکەشدا نوێنەری خەڵک بووە لە

گەڵ قایمقام، وە تەواوی ئەوبابەتانەم خوێندۆتەوە کە لەسەر ئەم خۆپێشاندانە نوسراون بە و ئیمزانامەشەوە کە جێ ی باسەکەمانە.

من خوێنەران دەکەم بە شایەت، ئەگەر کە سێک بێت لە گەڵ یەکێتی ئیمزا بکات کە خۆی تەقەی لە خۆپێسادانەکە کردوە و دەست و قاچی خەڵکی بڕیەوەتەوە بە گولە دەبێ چی بەیاننامەیەک بێت؟ دەبێ جەماوەری حیزبەکەی تەها سلێمان و خەڵکی کەلار چی دڵخۆشیان بکات لە کاتێکدا بریندارەکانی خۆپێشاندانەکە هێشتا خوێنیان لێ دەچۆڕا و ئێوەش لە گەڵ ئاسایشی یەکێتی دانیشتبون، دەترسم ئەو ئەمە بە هەڵشاخان و ڕاوەستانەوە بزانێ بەرانبەر دەسەڵات.
بۆ مەسەلەی معاشەکەش نازانم بۆ پێ ی ناخۆشە ، بلێ ی ئەو پارەیەی وەری دەگرن خێری یەکێتی و پارتی بێت، یان کرێ ی ئەو چەند ساڵەیە کە لە شاخ بوون، من نەمزانی یە خەڵک خەبات دەکاو شەهید دەدا بۆ پارە، خۆ ئەگەر واش بێ ئەوە خەڵکی کەلار و شارەکانی کوردستان لە هەموو کەس زیاتر قوربانیان داوە بۆ ئەو خەڵکە بێ بەشن لەهەموو شت و حیزبەکانی ئێوە لێ ی بەهرەمەندن؟ زەحمەت نەبێ بۆمان ڕوون بکەرەوە .

ئەو دەڵێ من لەخۆمەوە قسەم فڕێ داوە بە فرسەتم زانیوە هێرش بکەمە سەر حیزب شیوعی کوردستان چونکە دوژمنایەتیم هەیە لە گەڵیان، ئەو خۆێشی و هاوڕێکانیشی دەزانن وانی یە من زۆریک هاوڕێ و ناسیاوم هەیە لە نێو حیزبی شیوعیدا بەڵام وەک ووتم ڕەخنەگرتن و هەڵوێستی سیاسی کەمتر ئەمانە دەخوێنێتەوە بەتایبەتی کە قسە بێتە سەر مافەکانی خەڵک و گولەبارانکردنیان لە خۆپیشانێکدا.
ئەو خۆیان بەرچەشکین دەناسێنێ بە من دەڵێ کە بەرگری لە مافەکانی خەڵک کردوە و لە گەڵ یەکێتی نیشتمانیش بەیانامەی ئیمزا کردوە* من هەموو خوێنەران دەڵیم کە جارێک تر ئەو بەیاننامەیە بخوێننەوە بزانن ئەوە لە پشتی خەڵکە یان بەدژیان؟ ئەی بۆ لە ئاست تەقە لە خۆپێشاندانی شۆفێرەکانی سلێمانی و خۆپێشاندانی پشتیوانی لە خەڵکی کوردستانی ئێران لە سلێمانی و ڕانیە هەڵوێستێکتان نەبوو ، دوای بەڕێز ئێوە هاتوون

خۆپیشاندانی جەماوەری 2000-2500 کەسی بە کۆمەڵیک گەنج دەشوبهێنی و ئەوان تاوانبار دەکان کە لە ڕێ دەرچوون، ئایا هەر بەڕاستی ئەوانە تەنها کۆمەڵێ گەنج بوون؟ دەتانەوێ ئاوەها پشتیوانی لە خەڵک بکەن ؟ خەڵکی ڕاپەڕێ بۆ ئاو کارەباو سوتەمەنی ئاوەها باس دەکرێ یان دەتانەوێ ڕاپەڕینەکە لە بار بەرن؟ بە تایبەتی کە کۆبونەوە لە بارەگای ئێوە سازدراوە، ئاخر من درۆی شاخدار دەکەم وقسەی هەڵەت و پەڵەت دەکەم یان ئێوە لە گەڵ دوژمنانی خەڵک دەست تێکەڵ دەکەن.
نازانم ئەوە چۆنە وا ئێوە بەڕوی دەسەڵات وەستانەتەوە؟! حەزدەکەم هەندێک بۆ من و خوێنەران باس بکەیت و خەڵکێش بیزانێ چونکە ڕاستیەکەی سەرەڕای موتابەعەی زۆرم شتیکی لەو جۆرەم بەرچاو نەکەوتوە، خۆزگەش لە بڕی ئەو بەیاننامەیە بەتەنها بەیاننامەیەکتان دەربکردایە بەتەنیاو لە گەڵ ئاسایشی و ئیسلامیەکان بەیاننامەت دەرنەکردایە، ئەو کات نە من وە نەکەسیش قسەیەکی وای نەدەکرد، خەڵکش پشتیوانیەکی تریان دەبوو، عەزیزم لە گەڵ ئیسلامیەکان و ئاسایشی یەکێتیدا دانشتن وەستانەوە نیە چەمانەوەیە.
زۆر باسی منت کردوە، من هیچ کێشەیەکی شەخسیم نە لەگەڵ نە تۆ لەگەڵ هاوریکانتدا نی یە بە پێچەوانە من پەیوەندی کۆمەڵایەتم لە تەک هاوڕێکانی تۆدا لە هەموو کەس نزیکترە، من بە نوسینێک هەڵوێستی سیاسی چەند حیزبم ڕەتکردۆتەوەو بۆچوونم وایە بەڵام نازانم تۆ بۆ ئەوەندە هێرشی شەخسیت کردوەتە سەرم و وشەی ناشرینم پێ دەلێ ی؟ خۆی ئەمەی تۆ نوسێنیکی سەقەتە نەک ئەوەی من.
باسی ئەوەت کردوە کە من بانگەوازی ئەندامانی ئەوحیزبانەم کردوە واز بهێنن، وە باسی ئەوە دەکەی من نەمتوانیوە ئەندامانی ئێوە بهێنمە ناو حیزبەکەی خۆمەوە، من جاریکی تریش بانگەوازەکەم دووبارەدەکەمەوە. وە من لێرەدا باسی ئەوە ناکەم کە لە جنوب و کوردستانیش چەند کەس لە هاوڕیانی کۆنی ئێوە لە ناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دا خەباتی سیاسی دەکەن، بەڵام من کەی و لە کوێ هەولم داوە هاوڕێیانی ئێوە پەلکێش بکەم بۆ ناو حزبی خۆمان ئەگەر کەمێ بە دیقەت بی ئەمە کەمتر لە من دەوەشیتەوە و زۆرتر یەخەی ئێوە دەگرێ.

زۆریش باسی ئەوروپا دەکەی وەک ئەوەی ئەوانەی لە ئەوروپان هەموو هەر هاوڕێ ی ئێمەن و چوونە ئەوروپاش شەرم بێت، خۆ دو یان سێ ملیۆن عێراقی لەدەرەوەن و هاوڕێ ی ئێوە وخەڵکێکی زۆری تێدایە هۆکارەکانیشی دیارە حیزبە هاوپەیمانەکانی ئێوە جەهەنمێکیان دروست کردوە ئێستاش سنوری کوردستان ئاواڵەکەن یەک کەسی تێدا نامێنی، دواتر کوڕی باش خۆ من بە ڕێگای ڕەسمی هاتم بۆ دەرەوە وەک ئەو هەموو عێراقیە بەڵام جەنابت بە قاچاخ ویستت بێیتە ئەوروپا و جەندرمەی تورک تۆی دیپۆرتکردەوە ئەگینا ئێستا هاومال دەبوین، ئیتر ئەمە بۆ بەلاتەوە عەیب وعارە .

باسی ئەوەت کردوە کە لە بەر هەڵس و کەوتی نابابەتیانەی ئێمە خەڵکی کەلار بەردبارنیان کردوین، تۆ خۆت باش دەزانی کە لە مانگی ڕەمەزاندا بوو وەئەو مەسەلەیەشلە بەر چی بوو کە ئیسلامیەکان ئەو کارەیان کرد بە پشتیوانی ئاسایشی ی ن ک تا ئیمە بەردباران بکەن، بەڵام هەر ئەو ئیسلامیانە ئێوەیان گولە باران کرد کە بە داخەوە چەند هاوڕێییش گیانیان لە دەست دا.
باس ئەوەدەکەی کە ئەگەر من لەوێ بومایە خۆم دەشاردەوە !! عەجایەب حوکمێکە لە دوورەوە، بابزانی ئە گەر تەنها یەک ئەندامی ئیمە لە هەر شارێک بوو بێت ئەوە هەمیشە کەسی یەکەم بووە لە هەر خۆپێشاندانێکدا دەوری کاریگەری گێڕاوە، بۆ نمونە لم دوایانەدا لە خۆپێشاندانی ڕانیە ئازاد ئەحمەد کادری حیزب یەکیک بوو لە ڕابەرانی خۆپیشاندانی خەڵکی ڕانیە دژی گەندەڵی ئیداری، وە هەر بۆ دەمکوت کردنی خەڵکی قەڵا دزێ موستەفا داود کادری حیزب لە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکرا ، لە سلیمانی لە خۆپیشاندانی خوێندکاراندا، ڕێبوار عارف کادری حیزب حەوت ڕۆژ لە زیندانی تەنیایی ئاسایشی سلێمانی زیندانی کرا، لە کەلاریش مامۆستا عەباس کادری حیزب یەکێک بوو لە ڕێکخەرانی خۆپێشاندانەکەو قسەکەری خەڵک بوو لە گەڵ قایمقام و دەسەڵاتداران. ئێستاش قسەکەری ڕەسمی دەستەی داکۆکی لە خەڵکی سلێمانی کادرانی حیزب زمناکۆ عەزیز ئاسۆ کەمال ە، سەبارەت بەمنیش لە هاورێکانت و خەڵکی سمود(ڕزگاری) بپرسە بزان کێ بوون ئەوانەی کە لە ساڵی 92 گەورەترین خۆپێشاندانیان کرد بە

ڕوی بەرەی كوردستانی دا كە ئێوەش ئەندام بوون لەو بەرەیەدا بۆ خۆراك سوتەمەنی. وە بزانە كێ شەش جار برایە ئاسایشی یەكێتی و كێ برایە زیندانی مەڵبەندی دووی ی ن ك لە گۆپاڵە* ئیتر بەچی دەزانی ئەگەر لەوێ بوومایە خۆم دەشاردەوە بە شداریم نەدەكرد، تۆ وەك خۆت دەڵێ ی باشم دەناسی دڵنیاشم وایە چونكە بە نوسینەكەتدا دیارە.
خراپیش نی یە هەندێ بە دیقەت تر بنوسی شیوازەكانی پەیڕەو بكەی من ڕەخنەم لە شێوازی سیاسی چەند حیزب گرتوە سەبارەت بە هەڵوێستێكی سیاسی و ناوی كەسم نەهێناوە تۆش وابكەی باشترە نەك شێوازێكی نزم بگریتە بەر.
هەر دەربارەی ئەو ئیمزانامەیە خراپ نی یە سەیرێكی ماڵپەڕو نیهادەكان بكەی سەبارەت بە هەڵویستی خەڵك بزان چیان دەربارەی ئیمزانامەكتان نوسیوە..

*ساڵی 1992 لە خۆپێشاندانی ئۆردوگای سمود (ڕزگاری) كە ئاسایشی ی ن ك منیان گرت ئەوكات بە سوپاسەوە هاوڕێیان ئەبوكاروان و مامۆستا عەلی وشێخ ئەمین ی باوكم منیان ئازاد كرد.
* ڕەنگە شینەكان لینكی نوسینەكانن.

2005/09/21